***چاو خشاندنێکی کورت بەسەر ڕووداوەکانی تا ئێستای ناو کۆمەڵە***



**مۆنا دلبەری**

بێگومان ناوی کۆمەڵە لەناو شۆڕشی کوردستاندا ناوێکی ئاشناو خۆشەویستە، ناوێک کەتەنیا لەیەك وشەدا خۆی نابینێتەوە، کۆمەڵە بەدرێژایی مێژووی خەباتی خۆی گەلێک هەورازو نشێوی بڕیوە و گەلێک قوربانیشی داوە. تاساڵانێکی زۆر کۆمەڵە لەناو گۆرەپانی خەباتی کوردستاندا بەشداری چالاکانەی بوو، ئەگەر بێئینسافی نەکەین لەسەرجەم ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانو ئێراندا کاریگەری بەرچاوی هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و بەتایبەتی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی عێراق بەدژی ڕێژیمی لەناوچووی سەددام حوسێن، ئەم ڕێکخراوەشی وەك زۆربەی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خستە ژێر کاریگەری خۆی و تارادەیەکی زۆر بارودۆخی ئەو سەردەمە خستیە پەراوێزەوە کەبەداخەوە تا ئێستاش کاریگەریەکانی لەسەر ئەم ڕێکخراوانە هەست پێدەکرێ.

بێگومان جودابوونەوەکانی ناو کۆمەڵەش بەتایبەتی جودابوونەوەکانی دەیەی ( حەفتا )ی هەتاوی ناو کۆمەڵەش لەمەڕ ئەمڕووداوانە بێکاریگەری نەبوون و بەتەواوەتی پشتی ئەم ڕێکخراوەی شکاند و تا ساڵانێکی زۆر بەدەستیەوە ناڵاندی.

زۆر روون و ئاشکرایە کەرەوتی ناسراو بە فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری زەربەیەکی کاریگەریان لەمرێکخراوەیە داو بەشێکی زۆر لەباشترین کادرەکانی کۆمەڵە یان لەگەڵ خۆیان برد.

ئەو کۆمەڵە کەسانەی کە شانیان وەبەرساخکردنەوەی کۆمەڵە لەدوای جودابوونەوەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، بەداخەوە لەئاستێکی سیاسی وادانەبوون، کەبتوانن کۆمەڵە بەئاقارێکدا بەرن کەهەم ساخی کەنەوەو هەم بیبەنەوە دۆخی جاران.

دیارە ئەمگرفتەش سەر چاوەگرتوو لە کۆمەڵێک کێشەی ناو ڕێبەری ئەو سەردەمەی کۆمەڵەدا بوو کەئێستاش کاریگەریەکانی لەبەرچاوانن. گرنگترینی ئەم کێشانە بوونی کەسایەتیەکی لەچەشنی کاك عەبدوڵڵا موهتەدی بوون لەریزی ڕێبەریی ئەو کاتی کۆمەڵە کەبەداخەوە ئەم هاوڕێیە هەرلەسەرەتای درووست بوونی رەوتی ناسراو بەکۆمۆنیزمی کرێکاریدا، ڕۆڵێکی نابەجێ و زەرەرمەندی هەبوو کەتەشکیلاتی کۆمەڵەی بەرەو هەڵدێر برد.

دیارە گەڕانەوەشی بۆ ناو ریزەکانی کۆمەڵە هەر بەپێی تاکتیك و مەبەستەشاراوەکانی خۆی لەمەڕ بەدەسەڵات گرتنی کۆمەڵە بوو. یەکێك لەهەڵە گەورەکانی ڕێبەریی ئەوکاتی کۆمەڵە، ئەوە بوو کەئەم هاوڕێیەیان بۆ جارێکی تر گەڕاندەوە ناو ڕیزی ڕێبەری، کەئەم کردەوەیەی کۆمەڵە ڕۆژبەرۆژ زیاتر لەناو کادرەکانیدا نەیاری بۆ خۆی پەیدا دەکرد.

خاڵێکی لاوازی تری ساخکردنەوەی سەرلەنوێی کۆمەڵە لەو سەردەمەدا، نەبوونی کادری کارامە و بەئەزموون بوو کەئەمەش کاریگەریی بەرچاوی هەبوو لەسەر چۆنیەتی ساخکردنەوە، هۆیەکەشی زۆر روون و ئاشکرا بوو.

ئەو کادرانەی کەلەناو کۆمەڵەدا مابوون، یەکەم ئەوەی کەلەژمارەکانی پەنجەی دەست تێنەدەپەڕین، و دووەم ئەوەی کەئەم کادرانە زۆرتر لەبواری نیزامیدا چالاك بوون هەتا باری سیاسی. لەلایەکیترەوە نەبوونی پێوەندییەکی تەندروستی سیاسی،

بەتەواوەتی ئەمرێکخراوەیەی لەژێر کاریگەریەکانی خۆی دانابوو. پاشان مەسەلەی ناوچەگەرایی یەکێکیتر بوو لەو گرفتانە، کەرۆژ بەرۆژ زیاتر هەلومەرجی کۆمەڵەی بەرە و لاوازتر دەبرد.

بارهێنانی کادر تەنیا مەرجەکەی وابوو کەدەبێ وەك بەپرسەکەی خۆت بیر بکەیتەوە ئەگینا دەکەوتیتە پەراوێزەوە. نمونە بۆ ئەممەسایلە ئێکجار زۆرن کەبەشەهامەتەوە دەکرێ باس لەسەدان کەس بکرێ کەبەزۆر لەریزەکانی کۆمەڵەدا یان دەرکران، یان خرانە پەراوێزەوە یان کەسایەتییان هاتە ژێر پرسیارەوە.

سەردەمانێك پەنا بردن بۆ دەرەوەی وڵات ببووە مۆدێلێکی رۆژ و بەمشێوە بەشێکی بەرچاو لەهاورێیانی ئێمە بەناچار رێگای سنوورەکانی دەرەوەی وڵاتیان گرتە بەر و پەرتەوازەی هەندەران بوون.

زۆر بوون ئەو پێشمەرگانەی کەبەناچار بنەماڵەیان دەخستە ژێر فشارەوە تا لەباری ماددییەوە تەئمین کرێنو روو بکەنە هەندەران.

دیارە سروشتی بوو کە وها کێشەیەک کۆمەڵە لەگەڵ نەبوونی پێشمەرگەی چالاکـو بەئەزموون روبەڕوو دەکات، کەبەداخەوە رێبەری بۆ هیچکات هەوڵی نەدا چارەسەرێك بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزێتەوە.

یەکێکی تر لەوگرفتانە کەکۆمەڵەی زیاتر لاواز دەکرد، نەبوونی پێوەندی نێوان کادر و پێشمەرگە و رێبەری بوو، کەئەمە وای کردبوو بەشێکی زۆر لە تواناکان لەبەرچاو نەگیرێن و وەڵام بەداخوازییەکانی پێشمەرگە لە دوو بوواری سیاسی و نیزامیدا نەدرێتەوە.

بەهیچ شێوەیەك مەیدان بەپێشمەرگە نەدەدرا و بگرە سەرکۆنەش دەکرا. کاری راگەیاندنیشمان هەربەتەواوەتی پەراوێز خرابوو لەبەر نەبونی کادرو کێشەی ماڵی. ئۆرگانە تەبلیغییەکانمان لەمەزیقەدا بوون و پڕکردنەوەی بەرنامەی رۆژانەی رادیۆ دەبوو تۆزوخۆڵی ناو ئەنباری ئارشیوەکان پاك بکرایەوە تامەتڵەبێك یان بابەتێك وەدەست بخەین بۆ بەرنامەی ئەو رۆژە. ئەم ئۆرگانانە بەتەواوەتی قەتیس بوون و کەسانێک سازماندەهی ئەو شوێنانە دەکران کەدەبوو بەدڵی بەرپرسی ئۆرگان بن، ئەگینا مەحاڵ بوو کەسێك بدرێ بەمشوێنانە کەلەبەرپرسەکە سیاسی تر بووایە.

بەشەهامەتەوە دەکرێ بوترێ، کەئێمە لەساڵەکانی دوای دەیەی ( حەفتا )ی هەتاویەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆمان لەراگەیاندندا نەبووو تەنیا کارمان ببووە ئامۆژگاری کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران بەهەموو باڵەکانییەوە. لەباری سیاسیشەوە بەتەواوەتی لەدواوەوەی هەموو هێزە سیاسیەکاندا بووین، لەگەڵ روودانی هەر کێشەیەك دەکەوتینە پەلەقاژە و بۆئەوەی جێ نەمێنین، بەپەلە شتێکی بێناوەڕۆك لەلایەن رێبەرییەوە ئامادە دەکرا، کەپاش چەند رۆژ بۆخۆیان لێیپەشیمان دەبوونەوە.

هەمووی ئەمگرفتانە ئێمەیان تاجێگایەك برد، کەبەتەواوەتی بێئاسۆییمان تێدا بەدی دەکرا و هەرکەسێك بەشوێن رێگا چارەیەکەوە بوو. لەوسەردەمەدا بەهەڵکەوت کاك عەبدوڵڵای موهتەدی رووی کردە کوردستان و بەدیتنی ئەمبارودۆخە، کۆمەڵێک کاری کرد کەوا نیشان بدات دەیهەوێ کۆمەڵە لەم قەیرانە دەرباز بکات .

بۆیە ئەمبارودۆخە خزمەتێکی زۆری بەکاك عەبدوڵلا کرد کەمەبەستە شاراوە و لەپێشدا دارێژراوەکانی خۆی عەمەلی کاتەوە و بیانخاتە گەڕ. بۆ ئەممەبەستەش هەملێزان بوو هەم بارودۆخەکە لەبار بوو، بۆیە خۆی خزاندە ناو کادرەکان و بەئەلحەق کەسە باشەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە. ئەو کەسانەش کەلەگەڵی هاوڕا نەبوون ئەوە قوڕ چووە سەریان و بەتەواوەتی پەراوێز خران. پاشان کاك عەبدوڵلا بۆ زیاتر چەسپاندنی ئامانجەکانی خۆی پەنای بردە بەر ئەو کۆمەڵە کادرانەی کەلەدەرەوەی کوردستان بوون، کەساڵانێك نەلەکۆمەڵەیان پرسی بوو نەبەخەمی کۆمەڵەوە بوون.

کاك عەبدوڵلا هەموویانی هێنایەوە بۆ کوردستان، کەبەم کارەی گەورەترین زەربەی لەڕیزەکانی کۆمەڵەدا، لەبەرئەوەی کەئەم کەسانە بەداخەوە نەلەباری ئەخلاقییەوە نەلەباری سیاسی و تەشکیلاتیەوە کەسانێکی باش بوون.

بەشێکی هەرە زۆریان پەیوەندیەکانی ناو کۆمەڵەیان بەئاقارێکی تردا برد و ئەمجارە بەجێگای بارهێنانی پێشمەرگە مەیدان بەکۆمەڵێک کار درا کەباس کردنی شەرمە...

کۆمەڵە دەبوو ساغ بێتەوە، کۆمەڵە دەبوو لەمقۆناغە تێپەڕ بێت، کۆسپ و تەگەرەکان زۆر بوون، کەواتە دەبوو چی بکری؟ کاك عەبدوڵڵا عاقڵتر لەوەبوو، بۆیە دوای هەڵە سیاسییەکەی تەشکیلاتیەکەی دەبوو خۆی لەو بۆحرانە دەرباز بکات بۆیە تەنیا رێگایەك، کەشکی برد بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵات، پەنا بردن بوو بۆ دوو شت، کە ئەمانەن:
یەکەمیان/ موخالفەت لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران.
دووەمیان/ کەڵك وەرگرتن لەئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەمەی ئێران.
کەئەمئاڵوگۆڕانە خزمەتێکی گەلێك باشیان بەکاك عەبدوڵڵا کرد، هەر بۆیە بەپەلەقاژە خۆی گەیاندە رادیۆ و لەوتووێژی ( 26ی رێبەندانی ساڵی 1378 هەتاوی )دا چراغ سەوزی بەگفتگۆی تەمەدوونەکانی خاتەمی لێدا.
پێشمەرگەش لەمەڕ ماندوویەتی خۆی و بەرخوردەکانی پێشووی رێبەری کۆمەڵە، کاك عەبدوڵڵایان بەبەدیلێکی باش بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی خۆیان دەزانی هەر بۆیە لەدەوری کۆبوونەوە. ئەو کەسانەش کەبەجۆرێك لهجۆرەکان لەراڕاییدا بوون، زۆر بەداخەوە یان پێشنیاری پوڵیان پێکرا یان قەولی چوونە دەرەوەیان پێ درا "پێویستە بوترێ کەناوی ئەمکەسانە هەیە و ئەگەر پێویست بکات بۆ رای گشتی بڵاو دەکرێنەوە". بەهەر حاڵ جیابوونەوە بەڕێبەری کاك عەبدوڵڵا روویدا، جیابوونەوەیەك کەبەتەواوی ماناوە لەناو بردنی کۆمەڵە و تاڵان کردنی ئەم رێکخراوەیە بوو کەمن تێ دەکۆشم لەبەشی دووی ئەم بابەتەدا بە وردی ئاماژە بەرەوتی رووداوەکان بکەم لەروانگەی خۆمەوە بیسەلمێنم کەبەڕاستی کاك عەبدوڵڵا بۆ هیچ کات نەیویستووە خزمەت بەکۆمەڵە بکات، بەڵکو تەنیا و تەنیا کاری ئەوەبووە، کەخۆی و بنەماڵەکەی دەسەڵاتیان بێ، کەبۆ ئەو مەبەستەش بۆی گرینگ نەبووە کۆمەڵەش بێتەژێر پرسیارەوە ...

ئەو بابەتانەی کە لە بەشی دوهەمدا دەمهەوێ ئاماژەی پێ بکەم بریتین لە:
یەکەم: چۆنیەتی بەتاڵان بردنی ئارشێوی رادیۆ کۆمەڵەو ئۆرگانەکانی تر
دووهەم: کۆبونەوە شاراوەکان
سێهەم: ساغکردنەوەی ئۆردووگاو دامەزراوەکان
چوارەم: هێرش کردن بۆ سەر ئوردوگای کۆمەڵە، رێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
پێنجەم: روونکردنەوەی ئامانجە شاراوەکانی پشت پەردەی کاک عەبدوڵڵا بۆ هەڵخەڵەتاندنی باشترین کادرەکانی کۆمەڵە لەچەشنی هاوڕێیان کاک عومەر ئیلخانی زادەو کاک رەزا کەعبیو کاک عەبە دلێرو، هی تر
شەشەم: کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەرێبەری هاوڕێ عومەر ئیلخانی زادەو ئامانجەکانی کاک عەبدوڵڵا بۆ شەق کردنی ئەم رێکخراوەیە
حەوتەم : کورتەیەک لەسەر فراکسیۆنی ناسراو بەرەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵەو ئامانجە شاراوەکانی کاک ساعد وەتەندووست.

* مۆنا دلبەری ـ یەکێك لەهاوڕێیانی کۆمەڵە لەرۆژهەڵاتی کوردستان

***چاو خشاندنێکی کورت بەسەر ڕووداوەکانی تا ئێستای ناو کۆمەڵە***

**بەشی دووەم**

ئایا بەراستی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆسپ و تەگەرەبوو لەبەردەم گەشەنەکردنی کۆمەڵەدا؟

لەپەراوێزی وتەکانی کاك ئەبدوڵڵا لەمەر جوداییەکانی ناو کۆمەڵە ...

کۆمەڵەش کەهەر لەسەرەتای درووست بوونییەوە لەسەر بنەمای مارکسیستیی پێداگری دەکرد و خەباتی بۆ ڕزگاری و یەکێتی کرێکاران دەکرد تارادەیەکی بەرچاویش لەناو گۆڕەپانی سیاسی لەکوردستان و ئێران جێپەنجەی دیار بوو، دەبوو بۆ وەڵام دانەوە بەم خاڵە لاوازانە وەك هێزێکی چەپ بێتە مەیدانو ئامانجە کرێکاریەکانی گەڵاڵە بکات، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵە ئەوکات لەژێر بیروبۆچوون و خەتی مائۆئیستیدا دەیناڵاند و هێشتاکەش بیرێکی ناسیۆنالیستی سەردەم بەسەریدا زاڵبوو، هەربۆیە دەبوو خۆی لەمقەیرانە دەربازبکات و شۆڕشێکی ئیدئۆلۆژی لەنێو پێکهاتەی خۆیدا سازمان بدات. شك لەوەدا نییە کەدروست بوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەهاوینی ساڵی ( (62)ی هەتاوی) بوومەلەرزەیەکی سیاسی بەهێز بوو لەناو کۆمەڵەدا، لەچەند لایەکەوە دەکرێ دروست بوونی ئەمحیزبە بدەینە بەرباس و لێکدانەوە. گرنگترین مەسەلەکان کەجێگای ئاماژە پێکردنە، سەرلێشێواوی بەرەی چەپ لەئێران بەتایبەتی لەدوای بێئاسۆیی و خیانەتی حیزبی توودە و پرش و بڵاوی هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان لەئێراندا و هێرشی دڕندانەی ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەمهێزانە و گرتن و کوشتن و ڕاپێچی زیندان کردنیان بوو...

خەبات و نارەزایەتییە کرێکاریەکانیش ڕۆژ بەڕۆژ لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە هێرشی دەکرایە سەر و لەناوەرۆکی شۆڕشگێرانەی پووچەڵ دەکرایەوە، بۆیە ئەمانە هەمووی قورساییان خستبووە سەر بەرەی چەپ و ئەگەری لاوازبوونی زۆر بەرچاو بوو.

کۆمەڵە زۆر ژیرانە بۆ وەڵام دانەوە بەم بارودۆخە هاتە مەیدان و زۆر دڵسۆزانە بیرۆکەی دروستکردنی حیزبێکی سەرتاسەری کەبتوانێ ئەم خەباتەی کرێکاران بەئاقارێکیتردا بەرێت و سەر و سامانێك بەبەرەی چەپ لەئێراندا بدات، داڕشت، کەبێگومان ئەمحەرەکەتەی کۆمەڵە خزمەتێکی زۆری هەم بەم بەرەیەکرد و توانی لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی هەرەزۆری شۆرشگێرانی چەپ و مارکسیست لەڕیزەکانی خۆیدا سازمان بدات و خۆی بخزێنێتە ناو ناوەندە کرێکارییەکان لەسەرتاسەری ئێران و لەلایەکیتریشەوە خۆی لەژێرخەتی مائۆئیستی دەربازبکات....

بەداخەوە ئەمحیزبە ئەگەریش پاڵپشتێکی بەهێزی لەچەشنی کۆمەڵەی لەکوردستاندا لەپشت بوو، بەڵام بەداخەوە بۆ هیچ کات ئەم حیزبە کۆمەڵایەتی نەبووە و نەیتوانی لایەنگرانێکی زۆر لەناوەوەی ئێران بەرەولای خۆی ڕابکێشێت، گرنگترین هۆکارەکەشی ئەوەبوو، کەئەم حیزبە لەهەلومەرجێکدا پێکهات، کەکۆماری ئیسلامی بەتەواوی هێزی سەرکوتگەری خۆی خەریکی ئەستاندنەوەی دەسکەوتەکانی شۆرشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەدژی ڕژیمی شا بوو. کوردستانیش کەوەك زۆربەی ناوچەکانی تری ئێران بۆ شۆرشگێران کورەی خەبات بوو، میلیتاریزەکرابوو وەلەژێر خەفەقانێکی ڕەشی پۆلیسیدا دەیناڵاند و ڕۆژ بەرۆژ زیاتر هێزی پێشمەرگە پاشەکشێی پێدەکرا و کوردستان بەتەواوەتی دەکەوتە ژێر دەستی کۆماری ئیسلامی. کەشوهەوای ئێران بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی، تۆقێنەر بوو، ڕۆژ نەبوو هێرش نەکرێتە سەرکۆمەڵانی خەڵك و داخوازییەکانیان سەرکوت نەکرێ، ئەمە لەلایەك و لە لایەکیتریشەوە لەبەیك بۆخۆمێنیو نهادینەکردنی ناوەندەکانی

دەسەڵات لەلایەن ڕژیمی ئێرانەوە و زاڵکردنی دیکتاتۆریەتێکی بەتەواومانا نیزامی لەئێران، کەشوهەوای سیاسی لەئێران بەربەست و قەتیس کرد بوو، کەهەردەنگێکی ناڕازی لەگەرودا کپ دەکرا. خەباتی کرێکاران پاشەکشەی پێدەکرا و ڕێبەرانی کرێکاری راپێچی زیندانەکان دەکران. کرێکاران لەسەر کار دەردەکران و بەر بەهەرکۆبونەوەیەکی کرێکاری دەگیرا. بزووتنەوەی کرێکاری هێشتاکەش لەژێر پەس لەرزەکانی شۆرشی ئیسلاحاتی ئەرزی لەئێران، کەئاکامەکەی بەزیانی کرێکاران شکایەوە دەربازی نەبوو بوو. لەکوردستانیش کرێکاران لەبەر نەبوونی دەرفەتی کارو ناوەندی بەرهەمهێنان مەجبوور بوون بۆ بژێوی و ژیانی بنەماڵەیان روو بکەنە شارەکانی دەرەوەی کوردستان، کەبەداخەوە ئەمەش خزمەتێکی زۆری بەپرش و بڵاوی کرێکاران بەتایبەتی لەکوردستاندا دەکرد. ژیان و بەڕێچوونی کرێکاران لەئاستێکی زۆر دژواردا دەچووە پێشەوە و ترس و دڵەڕاوکێ و تۆقاندنیش زیاتر و زیاتر ئەمهێزەی لەخەباتی رەوا و بەرحەقی خۆی دوور دەخستەوە. کۆمەڵەش کەئێستا باری قورسی حیزبی کۆمۆنیستی بەسەرشانەوە بوو، لەکوردستاندا دەرگیری شەڕێکی نەخوازراوی ناوخۆییش بوو کەبەداخەوە هەمو ئەم کێشانە نەیان هێشت دەرفەتەکان زیاتر خزمەت بەگەشەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بکات. لەلایەکی تریشەوە لەناو ریزەکانی کۆمەڵەدا، مەسەلەی کۆمۆنیست نەبوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە، رۆژ بەڕۆژ لەلایەن فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کارگەرییەوە، پەرەی دەستاند و چاوچنۆکی و بیری قێزەونی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری، هەردەهات و کۆمەڵەی لاواز دەکرد و کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی بەرەو قۆناغی دروستکردنی حیزبێکی تر دەبرد.

بەداخەوە ئەو کەشوهەوایەی کەکۆمەڵە تێیدا پێکهاتو گەشەیکرد، قەت بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێش نەهات و ئەمحیزبە کۆمەڵەشی لەگەڵ خۆی بەرە و هەڵدێر برد، ئەگەریش دروستبوونی ئەمحیزبە کۆمەڵەی لەباری بیرو بۆچوون و ئامانجە کۆمۆنیستیەکانی شەفافتر کردەوە و گەلێک سوننەتی باشی لەناو کۆمەڵەدا جێخست، بەڵام گەورەترین زەربەشی لەکۆمەڵەدا. کۆمەڵەی لاواز کرد، کۆمەڵەی تەریك کردەوە و لە شۆرشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دایبڕی، کەبەداخەوە ئێستاش کۆمەڵە لێی دەربازنەبووە.

کەشوهەوای لاوازی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، تارماییەک بوو کەبەردەوام بەسەر چالاکیەکانی کۆمەڵەدا دەخولایەوە، رێبەری ئەمحیزبە نەلەباری ئیدئۆلۆژییەوە و نەلەباری سیاسی و تەشکیلاتییەوە، توانای ئیدارەکردنی نەبوو، لەنێوخۆیدا کێشەی سیاسی و ئیدئۆلۆژی هەبوو، بەتایبەتی لەدوای جودابیەکانی فراکسیۆنی کومۆنیزمی کارگەری ئەممەسەلەیە زۆر زەق و بەرچاوتر بوو. چەندین بیروبۆچوونی لەچەشنی ناسیۆنالیزم، سۆسیا□ دیمۆکراسی، چەپی توندڕەو و میانەرە و تێیدا کایەی دەکرد.

مەسەلەی پێکهێنانی شوورای کرێکاری یان خۆ ئیتحادیەی کرێکاری لەناو کرێکاراندا، ئێشتاش ناکۆکی لەسەرە و ئەمباسە لەناو ئەمحیزبەدا هەر نەبڕایەوە. باسی مەسەلەی نەتەوایەتی نەك هەر مەترەح نییە، بەڵکو باس لێکردنیشی تاوانێکە، کەدەبێ وەڵام دەرەوە بێت.

کۆبوونەوە شاراوەکان:

کاك عەبدوڵڵای موهتەدی کەخۆی یەکێك لەچالاکترین پێکهێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ساڵانێکیش دەبیرئەوەڵی ئەم حیزبەبوو، دەیان کادری چالاکی ئەم تەشکیلاتەی بەتاوانی ناسیۆنالیزم لەریزەکانی کۆمەڵە دەرکرد، تاسەردەمانێك حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی پێگوڵی سەر تۆپی بزوتنەوەی چەپ لە ئێران و کوردستان بوو، کەچی لەوەرچەرخانێکی بیری سەیروسەمەرەی سەردەمدا، تیشەی لەریشەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا و کۆمەڵەشی لەگەڵ خۆی بەرە و هەڵدێر برد.

هێشتا مانگێك بەسەر کاندیدکردنی خۆی بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی (7 )ی حیزبی کۆمۆنیستدا تێنەپەڕیبوو، و هێشتاکەش لەسەر بیری مارکسیستی سوور بوو، لەناکاو لەدەیان کۆبوونەوەی شاراوەدا بەرۆکی بۆ فێدراڵیزم دادەدڕیو بەدەنگی بەرز ڕایدەگەیاند کە ئێمەدەبێ بۆ نەتەوەی کورد خەبات بکەین.

لەسەرجەمی ئەو کۆبوونەوانەدا بۆ یەك جاریش باسی سیاسی مەترەح نەکرا و بگرە کۆبوونەوەکان تەنیا ببوونە ژێر پێ خالیکردنی رێبەران و کادرەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست. خاڵی بەهێزی ناو کۆبونەوەکان داڕشتنی پیلانێك بۆ رێکخستنی کودێتایەکی بێدەنگانە بوو بەدژی رێبەری کۆمەڵە. کودەتایەك کەناوەندی کۆمەڵە بەرێبەری ئیبراهیمی عەلیزادە چەك بکات و ئۆردوگاکانی کۆمەڵە بەدەستەوە بگرێ. ئەمکۆبوونەوانە کەشوهەوایەکیان لەناو ریزەکانی کۆمەڵەدا پێکهێنابوو، کەبۆ هەرساتێك ئەگەری شەڕی ناوخۆیی لێدەکرا. بەداخەوە ئەم هەوڵەش لە لایەن یەکێك لەهێزەکانی کوردستانی عێراق پشتگیری لێدەکراو هەموو ئیمکاناتێکی ماددی و مەعنەوی بۆ تەرخان کرابوو. کودەتا حەتمی بوو، دەبوو نەیاران پاشەکشەیان پێ بکرێ، مەیدان مەیدانی شەڕە و دەبێ دەسەڵات یەك لایی بکرێتەوە.

خۆشبەختانە بیری تیژی رێبەری کۆمەڵە بەری بەمەهەنگاوە گرت و نەیهێشت کەئەم پیلانە سەربگرێ کەئەلحەق کۆمەڵە ژیرانە بەرخوردی کردو ئاقاری توندوتیژیەکانی بۆ قۆناغێکی هێمنانە گۆاستەوە.

ریزبەندیەکان شکڵیان گرتبوو و لە دوو بەرەییەك دا خۆیان ناساندبوو.

لەوەها بارودۆخێکدا کۆنگرەی ( 9 )ی کۆمەڵەش لەچەند هەنگاویدا بوو، باڵی کاك عەبدوڵڵا هەر کەزانی لەکەمینەدایە ئەمکۆنگەرەیان تەحریم کرد و خۆیان تەشکیلی کۆنفرانسی ساخکردنەوەی کۆمەڵەیاندا.

هەموو هەوڵی دڵسۆزان و حیزب و لایەنەسیاسیەکان بۆ بەرگرتن بەجیابوونەوەیەکی لە ناکاو و بێئاکام مایەوە و بەداخەوە بەڕێبەری کاك عەبدوڵڵا ئەم جیاییە لە( 25)ی مانگی ( موردادی 79ی هەتاوی)دا روویدا.

دیارە بۆ ساخکردنەوەی تەشکیلات ئیمکانات پێویست بوو، کەدەبوو فکرێکی بۆ کرابایەوە.

لەپەیوەند لەگەڵ ئیمکاناتی مادی، ئەم ماڵە بێ کێشەبوو چۆن بەداخەوە لە لایەن دۆستانی خۆیان و نەیارانی چەپ لەکوردستان تەئمین کرابوون، کێشەیەك ئەگەر بوایە کێشەی ئیمکاناتی تەشکیلاتی بۆ خۆناساندن بوو، کەدەبوو لە ئۆرگانەکانی کۆمەڵە تەئمین کرابان. بۆ ئەممەبەستەش دەستکرا بەتاڵان کردنی دوو ئۆرگانی موهیمی لەچەشنی رادیۆی کۆمەڵە و بەشی ئەسناد، تا ئەو جێگای کەبەرادیۆ پەیوەندی بوو هەرچی یادنامەی شەهیدان و عەکس و ئارشیوی رادیۆ بوو بەتاڵان برا، لەبەشی ئەسنادیشدا گەلێک شت بران کە بەداخەوە دواتر بە دەستووری شەخسی کاك عەبدووڵڵا ئیستیفادەی خراپی لێکراو ...

* مۆنا دلبەری ـ یەکێك لەهاوڕێیانی کۆمەڵە لەرۆژهەڵاتی کوردستان

***چاو خشاندنێکی کورت بەسەر ڕووداوەکانی تا ئێستای ناو کۆمەڵە***

**بەشی سێیەم و کۆتایی**

ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و قۆناغی کۆمەڵەبوون...

لەبەشەکانی پێشووتری باسەکەماندا ئاماژەمان بەگەلێك لەهەڵەکانی هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی کرد، بەڵام جێی خۆیەتی برێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە هەڵسەنگاندنەکەمان لەسەر خودی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست بێ.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەهۆی کۆمەڵایەتی نەبوونی هیچ کات نەبوو بە حیزب، ئەگەریش ئەم حیزبە تەنیا و تەنیا لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا ناوی بوو، ئەوحیزبە نەك سەرکەوتوو نەبوو بەڵکوو کۆمەڵەشی وێران کرد، حزبێك لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵە بەناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوونی هەرنەبوو، بەس کۆمەڵە بوو، ئەگەریش ئەم حیزبە ناوی دەبردرا بەس بۆ خۆ شیرینی و بەئەندام کردنی پێشمەر گەکانی بوو. حیزبی کۆمۆنیست سالیانێك بوو لەناو چوو بوو کەسی لەگەڵ نەبوو، بەڵام ڕێبەرێك کە وازی نەدەهێنا لەبەرئەوە پێی وابوو، کەدەبێ لەبەرامبەر ڕەوتی ناسراو بە "کۆمۆنیزمی کرێکاری"دا هەڵوێستی بێت و خۆی بەکۆمۆنێزم بزانێ، ئەڵبەتە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، کەئەم حیزبە نابێ لەگەڵ دونیای کۆمۆنیزم لەرووسیە بناسێندرێ، لەبەر ئەوەی کەدونیای کۆمۆنیزم لەرووسیە دونیایەکی سەرمایەداری بوو لەبەرئەوەی بەڕاستی قەت کۆمەڵە و تەنانەت حیزبی کۆمۆنیست باوەری بەکۆمۆنیزمی رووسی نەبووە، بەڵام ئیدۆلۆژی (ئایدۆلۆژی) حیزبی کۆمۆنیست تێکەڵاو بەبیرێکی کلاسیکی سەردەمی پێشوو بوو، کەدونیای هەر بەسەردەم هەڵدەسەنگاند.

ڕێبەرانی پێشووی حیزبی کۆمۆنیست مەبەست لنینن، مارکس و ئێنگێلس، لەسەردەمێکی دیاری کراودا پێناسەیان بۆ دونیا هەبوو ئەگەریش تا ئێستا بۆچوونەکانیان هەر زیندوون بەڵام حیزبی ئێمە قەت نەچووە سەر ئەم ڕێبازە هۆیەکەشی زۆر روون و ئاشکرایە.

یەکەم ئەوەی کەرێبەری ئێمە ڕێبەرێکی پووختە و ئەکادیمی نەبوو، راستە کۆمەڵە لەبارودۆخێکی تایبەتیدا حیزبی کۆمۆنیستی دروست کرد، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێتەوە، کەزۆر بەداخەوە لەسەردەمێکی دیاری کراو ڕێبەریەکەی لەدەستدا پاشان کۆمەڵە هێشتاکەش لەژێر سێبەری سۆسیالیزمی دێهقانیدا دەیناڵاناد.

خۆێندنەوەکانی بۆ دونیای سەرمایەداری ئاخاوتنێکە لەبیرێکی سوننەتی بوو، کەهیچ خزمەتی بەپێشکەوتنی کۆمەڵگا و حیزبەکەی خۆی نەدەکرد. ڕێبەری ئەم حیزبە نەک باوەڕی بەدیموکراسی نەبوو، بەڵکو دیمۆکراسی بەمانای ڕاستی وشە سانسۆر دەکرد، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هیچ خۆێندنەوەیەکی ئیدئۆلۆژی ( ئایدۆلۆژی) بۆ چینی کرێکار نەبوو، تەشکیلاتی سەهندیش تەنیاو تەنیا بەمەبەستێکی دیاری کراو ڕوویان لەکۆمەڵە کرد، مەبەستەکەش هەمان کەڵك وەرگرتن لەجێگا و شوێنی کۆمەڵە بوو، ئەوان کۆمەڵەیان کردە کەرەستەیەك بۆ ناساندنی خۆیان، ڕێبەری کۆمەڵەش ئەمەی باش دەزانی، بەڵام مەیدانیان پێدان لەبەرئەوەی کۆمەڵە بەدوایی لەدەستدانی هاوڕێ فواد و چەندانی تر لەڕێبەرانی ناسراوی خۆی توانای بەڕێوەبردن و ڕێبەری کردنی کۆمەڵەی لەباری ئیدئۆلۆژیەوە نەبوو، ڕێبەری کۆمەڵە کەسانێکی دڵسۆز و بەڕاستی خەمخۆری خەڵك بوون، بەڵام لەباری سیاسی و ئیدئۆلۆژێەوە توانای بەر بەرەکانێیان لەگەڵ رەوتی رووداوەکانی ناو کۆمەلگا نەبوو. هەر بۆیە پێویست بوو کەکەسانێك لەدەرەوە بهێندرێن، کەهەم خۆێندەوار بوون هەم لەزانکۆکانی دەرەوە پلەکانی خۆێندنیان بڕی بوو، کۆمەڵە نەیدەویست ئەزموونی شکست خواردووی حیزبی تودە و ئەکسەریەت دووپات بکاتەوە بەڵکو پێیوابوو بەهێنان و دروست کردنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەتوانێ جم و جۆڵێکی تایبەتی بەبزوتنەوەی کرێکاری لەئێراندا بدات و کەئەلحەق لەمبارەوە بەدڵسۆزانە دەیروانێ بۆ ئەم هەنگاوە، بەڵام بەداخەوە هەر وەك لە بەشەکانی ترا ئاماژەم پێکرد بیری بەر تەسکی رێبەری کۆمەڵە بەری بەم هەنگاوە گرت.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ یەکەم جار بەس لەکۆنگرەی (3)ی خۆیدا شاهیدی لایەنگرانێك لەوڵاتی ئێران بوو، کەگوایە لەم کۆنگەرەیەدا (300) نامەی لەلایەن لایەنگرانی خۆی لەشارەکانی دەرەوەی کوردستان بەدەس گەیشتووە، بەڵام بەدوایی ئەم کۆنگەرەیە و هاتنەکایەی باسەکانی تایبەت بەڕەوتی ناسراوی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئەم لایەنگرانەشی نەما و هەر هەتا دەهات ڕووی لەلاوازی دەکرد.

ئێمە حیزبێکمان نەدەبینی بەناوی حیزبی کۆمۆنیست، تەنیا ئەو کاتە هەستمان بەبوونی ئەم حیزبە دەکرد کەدەبێ شەش مانگ لە پێشمەرگایەتی تێپەرینین و پاشان داوای ئەندامێتی لەمحیزبە بکەین، دەنا شتێك بەناوی حیزبی کۆمۆنیست هەرنەبوو، ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆمان نەکەین، حیزبە کۆمۆنیستی ئێران کاتێك ناسرا کەباڵی "کاك عەبدوڵڵا" بەناوی کۆنفرانسی ساخکردنەوەی کۆمەڵە لێهاتەدەر، ئەو کاتە خەڵك و پێشمەرگە هەستیان بەبوونی حێزبێك لەچەشنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کرد. تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەدەرەوەی وڵات بوو تەنیا و تەنیا یەك ئۆرگانی لە کوردستاندا هەبوو، کەئەویش رادیۆکە بوو، بەرێوەبەرەکانیشی هە مووی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون و زۆریشیان ئەندامی ئەم حیزبە نەبوون، لەدەرەوەش ئەم حیزبە هەر ناوی نەبووو هەم رێبەرانی و کادرەکانیشی خەریکی ژیانی شەخسی بوو لە ئەورووپا، نەك هەر کاریان بۆ نەدەکرد بەڵکو هەر لێشیان نەدەپرسیەوە، بۆیە بەشەهامەتەوە دەکرێ بڵێین: کە ئێمە لەباری سیاسییەوە هیچ رۆڵ و کاریگەرێکمان لەدەرەوەی خۆمان واتا ناو کۆمەڵگا نەبوو، هەرچی بوو هەر کۆمەڵە بوو، ناوی دروو درێژی حیزبێکمان لە چەشنی لۆکۆمۆتیو بەدوایی خۆماندا راکێش دەکرد، کەبەهیچ شێوەیەك توانای وەڵامدانەوە بەئامانجەکانی نەبووین. نە بارودۆخەکە لەبار بوو نە ڕێبەرێکی تۆکمەشمان هەبوو بەشەهامەتەوە دەتوانم بڵێم کەئێمە لە دەیەی (حەفتا) بەملاوە لوولەی تفەنگەکانمان لەدژی کۆماری ئیسلامی هەڵگەڕاندبۆوە و بەدژی یەك بەکارمان دەبرد.

لەپاڵ هەموو ئەم ئالۆزیانەدا، گەورەترین گرفتمان ئەوە بوو کەئەو بەشە لەرێبەری کەخۆی بەکارامە دەزانی لە دەرەوەی کوردستان بوون و تەشکیلاتیان دابوو بەدەس "هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە" کەئەویش بەکەیفی خۆی تەشکیلاتی ئیدارە دەکرد و مەیدانی بەکەس نەدەدا کەجێگای بگرێتەوە، نابێ لەبیرمان بچێ کەبەڕاستی "هاوڕێ ئیبراهیم" لەتەشکیلاتداریدا زۆر بەهێز بووە، بەڵام بەداخەوە هیچ باوەرێکی بە دێموکراسی ناو حیزب نەبوو بەداخەوە هەر دەنگێکی لەگەرودا خەفە دەکرد.

لەبیر ناچنەوە ئەو ڕۆژانەی کەگۆیچکەی پێشمەرگەی کۆمەڵەیان دەگرت و لەژێر پردەکەی سلێمانی بەرەڵایان دەکردن، لەبیر ناچنەوە ئەو ڕۆژانەی کەکەش و هەوای پۆلیسیان وەرێ دەخست و نەیاندەهێشت پێشمەرگە بۆساتێك ئارام بگرێ.

کاك عەبدوڵڵای موهتەدی چەنێك زەڕبەی لەکۆمەڵەدا، بەهەمانشێوەش "کاك سەید برایيم"یش ئەوەندە خزمەتی بەئامانجەکەی کاك عەبدوڵڵا کرد. زەمینەی بۆ فەراهەم کرد، بەبەرخوردەکانیان پاڵیان بەپێشمەرگەی کۆمەڵەوە دەنا کە لەگەڵ کاك عە بدوڵڵا کەوێ.

پێشمەرگەی کۆمەڵە بەباوەر ئینسانهایەکی پاك و بێگەرد بوون، بەڵام کارێکیان پێدەکردن کە لەخۆ نامۆ بن و رێگای دوور لە سنوورەکان بگرنەبەر.

بەپێی ژمارەیەك کەخودی کاك سەید برایم لەکۆنگرەی (8)ی حیزبی کۆمۆنیستدا دایەدەرەوە ئێمە واتا کۆمەڵە بە حیزبی کۆمۆنیستەوە لەیەکەم رۆژەکانی ئاشکرابوونی هەڵسوڕانی کۆمەڵە (21) هەزار لەخوازیارانی کۆمەڵە روویان لە ریزە کانی کۆمەڵە کردووە، کەچی بەداخەوە ئیستا بەهەموو باڵەکانی کۆمەڵە خۆ لە (500) کەس نادەین.

من دەپرسم هەمووی ئەمانە بێ ئەنگیزە بوون یان خۆ.....؟؟؟ لەدوایی دەیەی حەفتاکانەوە تا چەن ساڵێکیش دوای جیایەکان کام لەپێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ قۆناغی ناوەندی هەڵبژێردران؟

تەواوی کۆنگەرەکان فۆرمالیتە بوون و کۆنگرە گرتن ببووە رەفعی تەکلیف، ئەگینا کام سیاسەت و کام پەسەند کراوەی نێو دەخرایە بەردەم رای گشتی، هەمووی سیاسەت و تەکتیکمان هەمان پەسەندکراوەکانی کۆنگەرەکانی ترمان بوو، کە بە دەستکاریەوە دەخرانە بەر دیدی بیروڕای گشتی.

بۆ هەڵەڵبژاردنیش ناوەندیش ئیمە هەمیشە لەگەڵ لیستی فیکس رووبەروو بووین و هەر ئەو بەرێزانە هەڵدەبژاردران بۆ ناوەندی کە پاسپۆرتیان لەگیرفاندا بوو. ئۆرگانەکانی کۆمەڵەش بەدەس هاوڕێیانێکەوە بەرێوە دەبران کەهەموویان گوێ لەمستی کاك سەید برایم بوونایە. دیارە بەداخەوە پەیوەندی تەشکیلاتیش زۆر ئاڵۆز بوو، پەیوەندییەکانی ناوەندی و پێشمەرگە زۆر لاواز بوو، ناوەندی هەر لەسەر ئەو ڕاپۆرتانە پێداگری دەکرد کە لەلایەن بەرپرسەکانەوە بۆ سەرەوە دەنێردرا، هەر لێپرسێنەوە نەبوو، کاك سەید برایم بەڕاستی دیکتاتۆریەتی بەتەواوی مانا بەسەر تەشکیلاتدا زاڵ کردبوو کە کۆمەڵە رێگای دەرباز بوونی نەبوو و دەبوو ساخ بێتەوە، بەڵام چۆن ساخ بیتەوە؟

هەنگاوێك کەکاك عەبدوڵڵا گرتییەبەر هەنگاوێکی گەلێک باش بوو، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێتەوە کەئەم هاورێیە زۆر پەلەی کرد و لەبارودۆخێکی نالەباردا شانیدایە بەر ساخکردنەوەی کۆمەڵە، کەئەگەر پەلەی لەم هەنگاوەدا نەکرابایە بێگومان هاورێیانی ناسراو بەرەوتی سوسیالیستی کۆمەڵەش لەگەڵ ئەمرەوتە دەکەوتن. بەڵام کاك عەبدوڵڵا چاوی بینینی ئەم هاوڕێیانەی نەبوو هەر بۆیە هەلەکەی بەباش زانی و بەپەلە قاژە کۆمەڵەی هەتا هەڵدێر برد، کە ئەگەر هەڵسەنگاندنێکمان لەم بارەیەوە بێ، دەبێ بڵێین کەبەداخەوە کاك عەبدوڵڵا بەم کارەی لەبارەی سیاسیەوە خۆی رێخست لەگەڵ ڕەوتی ئیسلاحاتی (چاکسازی) بۆرژوازی لە ئیران و لەباری ئیدئۆلۆژیشەوە بەتەواوەتی لەبەرنامە و ئامانجی کۆمۆنیستی و رێبازی کۆمەڵە لایدا.

* مۆنا دلبەری ـ یەکێك لەهاوڕێیانی کۆمەڵە لەرۆژهەڵاتی کوردستان